## ئاسۆ مەحمود:

# چەند کلیپێك لەکەناڵەکاندا بەرچاو دەکەون ، گریانت بۆ گۆرانی کوردی دێ



ئاسۆ مەحمود یەکێکە لەوهونەرمەندە دەنگ خۆشانەی کە هەمیشە بەعەشقەوە گۆرانی دەچڕێ، لەماوەی کاری هونەریدا توانیویەتی جەماوەرێکی زۆر ئاشنای دەنگە بەسۆزەکەی خۆی بکات. هەر بۆ ئەم مەبەستە، (رۆژی گەل) بەپێویستی زانی بۆ زیاتر ئاشنابوون بەخۆیو هونەرەکەی ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازبدات.

**پرسیار: بۆچی هونەرمەند ئاسۆ مەحمود بێ دەنگە لەکاری هونەری؟**

وەڵام/ بێ دەنگیم لەکاری هونەریدا، پرسیارێکەو زۆر ئاراستەم دەکرێت، دیارە ئەمە خەمخۆری بەرهەمەکانی ئاسۆنو سوپاس بۆ هەموو لایەك. من بێ دەنگ نیم، بەڵام ماوەی 3 ساڵە کاری CDم نەکردووە، بەڵام ناوە بەناوە کاری منداڵانو بگرە سروودیشم کردووە، بەنیسبەت کاری CD دەیگەڕێنمەوە بۆ باری دارایی کە هاوکاری ناکرێم لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریو هیچ لایەنێکەوە، ئەگینا 8 بەرهەمم ئامادەیەو هەرکات بودجەیەکم بۆ سەرف کرا ئەوکاتە منیش دەست بەکار دەبم، بەڵام لەسەر حیسابی خۆم ناتوانم.

**پرسیار: ئایا تۆ پێت وانیە هونەرمەندانی ئەمڕۆ زیاتر گرینگی بەکلیپ دەدەن، نەوەك تێکستو ئاواز؟**

وەڵام/ بێگومان، کلیپ لەدونیای ئیمرۆدا باوە، بەڵام چەند کلیپێك بەرچاو دەکەون لەکەناڵەکاندا گریانت دێ بۆ گۆرانی کوردی، لای ئێمە تەنها وا دەزانرێت کلیپ دەبێت کچ تێیدا بەشداربێت، بەڵام وانیە، زۆربەی ئەو ئەو کلیپانەی ئەمڕۆ دەبینرێت، لەرووی تێکستو ئاوازەوە زۆر لاوازەو لەرووی سیناریۆکەشەوە زۆر سادەیە.

**پرسیار: بەبۆچوونی جەنابت وەرگرتنی ئاوازی بیانی خزمەت بەهونەری کوردی دەکات یان بەپێچەوانەوە؟**

وەڵام/ نەخێر، بگرە زەرەر دەدات لەهونەری کوردی، بەڵام ئێستا رەنگدانەوەی ئاوازی بیانی لەناو هونەرمەنداندا زۆر دیارەو بەفەخریشی دەزانن و ناوبانگیشی پێدەردەکەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا من دەیگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی گوێگر. چونکە گوێگری گۆرانی کوردی رەسەنمان نیە.

**پرسیار: هونەرمەند ئاسۆ جگە لەکاری هونەری سەرقاڵی چ کارێکی ترە؟**

وەڵام/ من جگە لەکاری هونەری، فەرمانبەرم لەزانکۆی سلێمانی، دیارە ئەویش لەبەشی راگەیاندنمو پەیوەندی بەکارە هونەریەکەمەوە هەیە، دەشڵێم چ هونەرمەندێکی کوردستان بەتایبەتی پەیوەستە بەهونەرەکەیەوە، بێگومان کەس.

**پرسیار: وەکو دەزانین گۆرانیت بۆ منداڵانیش تۆمارکردووە، بەنیاز نیت لەداهاتوودا زیاتر گرنگییان پێ بدەی؟**

وەڵام/ دفەخرەوە دەڵێم کە یەکێکم لەو هونەرمەندانەی کار بۆ منداڵان دەکەم. دیارە ئەو کەسانەش زۆر کەمنو بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، من کارم بۆ منداڵان کردووەو بەنیازم کاری زیاتریان بۆ بکەمو چونکە منداڵ دەبێت بەزمانی گوڵ قسەی لەگەڵدا بکرێت.

**پرسیار: مقام لای ئاسۆ مەحمود چیەو زیاتر بەرهەمەکانت مقامن بۆچی؟**

وەڵام/ مقام لای من ئاسمانێکە بۆ باڵەفڕەو گوزارشت کردن لەخەونو خەیاڵەکانم دیارە کارەکانی من زیاتر مقاماتن. جەماوەر زیاتر ئەوەیان لەمن دەوێتو دیارە تێیدا سەرکەوتووم لەو مقامانەی کە دەیانزانم، بەڵام مقام بەحرەو شارەزاییم لەهەموو مقامێك دانیەو تەنها مقامە سەرەکیەکانو هەوڵیشم داوە بۆزیاتر شارەزابوون لەمقاماتدا.

**سازدانی:**

**رۆژگار موحسین**

# وڵاتانی ئەوروپی بەچی بەناوبانگن

ئیتالیا: بەرزترین رێژەی خانووە دێرینەکانی تێدایە لە (30٪)ە

هۆڵەندە: بەرزترین رێژەی زبڵو زاڵی تێدایە کە ساڵانە 497 کیلۆیە بۆ هەر کەسێك.

لۆکسمبۆرگ: بەرزترین رێژەی ئۆتۆمۆبیلی تیدایە کە 498 ئۆتۆمۆبیلە بۆ هەر هەزار کەسێك.

یۆنان: بەرزترین رێژەی پزیشکی هەیە کە (3،4)یە بۆ هەزار کەس.

ئیرلەندە: بەرزترین رێژەی جێگەی نووستنی نەخۆشی ژێرو دەروونی تەرخانکردووە (3،7) قەرەوێلە بۆ هەر هەزار کەسێك.

ئەڵمانیا: بەرزترین رێژەی کرێکاری هەیە کە لەبواری پیشەسازیدا کار دەکەن ( 4،1 ٪)ە

فەرەنسا: بەرزترین رێژەی تەمەنی ئافرەتی تێدایە کە تەمەنیان دەگاتە سەرووی 80 ساڵیەوە.

دانیمارك: بەرزترین رێژەی منداڵی ناشەرعی تێدایە کە (46،4٪)ە.

بەریتانیا: بەرزترین رێژەی ژنی تەڵاق دراوی هەیە کە رێژەی دەگاتە 3 ژن لە 100 کەس بۆ ساڵێك

**ئا: هاژە**



# خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

* پاشای وڵاتی برونەی چل ساڵە تاجی پاشایەتی لەسەرنراوەو فەرمانڕەوایە، ئەمساڵ بەبۆنەی شەستەمین ساڵیادی لەدایکبوونیەوە ئاهەنگێکی بە دەبدەبە گێڕا، بەرپرسێکی لای خۆمان گوتبووی: ئەو کابرایە زۆر کەرە ئەگەر من بوومایە بەتاجی زێڕ ئەو ئاهەنگەم دەگێڕا، خوا بکات منیش چل ساڵ حوکرانی دەکەم، ئەوسا دەزانن چ ئاهەنگێك دەگێڕم!!.

* جێگری سەرۆکی پەرلەمان گوتبووی: ئەوانەی لەدژی پەرلەمانو حکومەت دەنووسن، دەستێکن لەدەرەوەڕا ئاراستە دەکرێن!!، بەڵام دەیان نووسەرو سیاسەتمەدار بەرۆکیان گرتو بۆچوونەکەی ئەویان لەقاودا، ئێستا بەخۆی داهاتۆتەوەو دەڵێ: مەبەستیشم ئەوەنییە کە هەرچی لەڕاگەیاندن بینووسێ خیانەتە!، نا من قەت وانیم لەگەڵ ئەوەم کە ڕاگەیاندن ئازاد بێت.

* پەرلەمانو حکومەت دەڵێن لەکارەکانماندا شەفافیەت هەیەو شتی ژێراوژێر نەماوە، بەڵام دواتر هەرخۆیان دەڵێن: دەبێ ببوورن مووچەی ئەندامانی پەرلەمان شتێکی تایبەتەو ناگوترێ، هەروەها بەمەبەستی بەهێزکردنی ناوخۆی پەرلەمانیش هەندێ کۆبوونەوەی داخراومان کردووە!!.

* حکومەتەکان هەمیشە لەبێدەستەڵاتیدا داوای تەسلیمکردنی نەیارانی خۆیان دەکەن، لەم دواییەدا حکومەتی بەغداد لیستێکی دروست کردووەو داوای 41 بەرهەڵستکاری خۆی کردۆتەوە، ئێرانیش دەڵێ مادام وایە ئێوەش موجاهیدینی خەڵك تەسلیم بەخۆم بکەنەوە، تورکیا دەڵێ: ئەگەر وایە ئێوەش سەرکردەکانی (پەکەکە)م بۆ قۆڵبەست بکەنو تەسلیمیان بکەنەوە.

* بەرپرسێك کە لەماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا هەندێك شتی لەسەر نووسراوەو لاپەڕەی مێژووی هەڵدراوەتەوە، گوتوویەتی: وەڵا ئەگەر دەستم بیانگاتێ سەریان دەبڕم، بەڵام بەوەندەوە شوکرم چونکە 1٪ی راستیەکان نازانن!!.

# عادل ئیمام: لەرێگەی هونەرەوە گەندەڵیەکان ئاشکرا دەکەم

دوایین فیلمی عادل ئیمام بەناوی (باڵاخانەی یەعقوبیان) لەنێو پەرلەمانی میسردا هەرای ناوەتەوە، بەڵام عادل ئیمام سەری خۆی بەو نارەزاییانە گێژ ناکاتو ئامادەش نیە ئەو دیمەنە لەفیلمەکەی هەڵبگرێ کە باس لەدیاردەی نێربازی لەنێو کۆمەڵگەی میسریدا دەکات. ئەو دەڵێ: من لەگەڵ (گەل) دامو باکم بە حکومەت نیە، من حزبی عادل ئیمامم هەیە لەرێگەی هونەرەوە باسی گەندەڵیەکانی کۆمەڵایەتیو سیاسی و ئابووریو رۆشنبیری ناو میسر دەکەم، من دەزانم ناتوانم رەزامەندی ئەو کەسانە بەدەست بێنم کە بەردەوام شەڕی هونەر دەکەن. من دژی تیرۆر دەوەستم، کەچی کەسانێك هەن دژایەتیم دەکەن. ژیانی دیموکراسی پێویستی بەحزبی بەرهەڵستکاری بەهێز هەیە تا دەستاودەستکردنی دەستەڵات مسۆگەر ببێ، بەڵام ئەوانەی لەبەرانبەر حزبی دەستەڵاتدار وەستان، بێهێزو کەمتوانان، من دەمەوێ بە هونەر لەبەرانبەریان رابوەستم.



# ئاوی هەنار بنۆشە : پرۆستات رادەماڵێ



لەدوایین لێکۆڵینەوەی ناوەندی جۆنسن بۆ شێرپەنجە لەزانستگەی کالیفۆرنیا دەرکەوتووە کە ئاوی هەنار خانەی شێرپەنجەی پرۆستات کەم دەکاتەوەو دەیکوژێو سنووریش بۆ بەرزبوونەوەی (پی ئێس ئا) ئەو جۆرە پرۆتینە دادەنێ کە شێرپەنجەی پرۆستات بەرهەم دێنێ.

پسپۆڕو شارەزایان لە لێکۆڵینەوەکەی حۆیاندا بۆ ماوەی 54 هەفتە ئەو کەسانەیان خستە ژێر چاودێرییەوە کە پێشتر دووچاری نەخۆشی شێرپەنجەی پرۆستات هاتبوونو بەیەکێ لەرێگەکان چارەسەریان بۆ کرابوو، ئەوانەی لەدوای چارەکردنیان ئاوی هەناریان نەخواردبۆوە، رێژەی (پی ئێس ئا)یان کەم ببۆوە. تۆش خوێنەری خۆشەویست بۆ ئەوەی هەمیشە چالاکو بەگوڕ بیتو لەنەخۆشی پرۆستات بەدوور بیت، رۆژانە نیو پەرداخ ئاوی هەنار بخۆرەوە.



**جەبار سابیر**

**ئاسۆیی**

## ئێوە نازانن چیمان دەوێ؟

ماوە، ماوە سەرکردەکانی کورد دەکەونە خۆیانو بەناوشارەکانو وەك راگەیاندنەکانی خۆیان دەڵێن بەناو چینو توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا دەگەڕێنو بەناو گوێیان لێدەگرن، تابزانن خەڵك گرفتو کێشەکانی چییەو چۆن دەکرێ بۆیان چارەسەرکەن کەهەرگیز نایکەن. جارێ دەبێت لەسەرتاوە لەو چەمکی چینو توێژە تێبگەین کەئەوان لەگەڵیدا دادەنیشنو گوێ لەسکاڵاکانیان دەگرن، (ئەمە گەر بڕیاربێت چینو توێژ چەمك بێت) دواتر بێینە سەر باسی ئەوەی ئەو چینو توێژە کێنو تاچەند چارەسەری گرفتو کێشەکانیان لۆدەکەن. ئەو چینو تیوۆژەی سەرکردەکانی ئێمە لەگەڵیدا دادەنیشنو گوێیان لێدەگرن کۆمەڵە خەڵکێکن یان سەر بەخۆیانن یاخود پێوەدەبنو دەچن گوێیان لێدەگرن، بەر لەوەی بشگەنە لای سەرکردەی بەڕێز کۆمەڵێك خەڵکی ماستاو چیو سەر بەحزبەکان هەندێك ئامۆژگاریان دەکەن تا لەوێ شتێك نەڵێن سەرکردە توڕەبێتو دواتر لێپێچینەوەو لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسانی لقو مەڵبەندەکاندا بکرێتو نانبڕاوبن، دەبێت پرسیارو رەخنە زۆرکەم ئاراستەی سەرۆك بکرێتو زۆر بەئەتەکێتیش قسەبکرێت. دەبێ هەمیشە ئەوە بوترێت کەخەڵك تێروپڕەو کۆڵانەکان پڕن لەپاشماوەی خواردنو سەگو پشیلەکانی ئەم وڵاتەش رۆژی سەد جار سوپاسی کوردایەتی دەکەن کەئەو نیعمەتەی بەسەردا باراندون. نابێت بوترێت خەڵك بێ ئاوو کارەبایەو چوار شەو بۆ بیست لیتر بەنزین لەبەردەم بانزینخانەکاندا دەوەستن. نابێت باسی ئەوەکەن کە خەڵکێکی ئاسایی چوار تاپێنج دەوامو پیشەی هەیە بەخاتری ئەوەی سەری مانگ کرێی خانووەکەی پێبدرێت.

ئێستا لەوە تێگەیشتین چینو توێژ کێیە کەسەرکردەکانی کورد گوێی لێدەگرن، کاتی ئەوە هاتووە بزانین تاچەند گوێ بەقسەکانی ئەواندەدرێت، هەر بەڕۆیشتنە دەرەوەیان لەهۆڵەکە ئەوانەی ئەو چینو توێژانەیان بردۆتە بەردەم سەرۆکی فەرماندە خەڵاتێکی باش دەکرێن لەپاداشتی ئەوەی کە سەرۆکیان بریندارنەکردووەو کەس پرسیارێکی ناخۆشی بەڕوی سەرۆکدا نەداوە. سەرۆکیش زۆر مورتاحەو دەڵێت بەڕاستی وەك رۆژنامەو راگەیاندنەکانی خۆمان دەڵێن ئەو خەڵکە گێرە شێوێنن کە لەکەلارو ئاکرێو هەڵەبجە راپەڕینو بانزینخانەو فەرمانگەی حکومیو مەزارەکەی هەڵەبجەیان سووتاندووە هەر بەڕاستی تابوری پێنجەمو ئاژاوەچیو دەستی دەرەکین. ئێستا کاتی ئەوە هاتییە یەك پرسیار بکەین؟ ئەرێ بەڕاست مومکینە سەرکردەکانی کورد نەزانن گرفتی ئەو خەڵکە چییە؟ تۆبڵێی ئاگایان لەبێ کارەباییو بێ ئاویو بێ نەوتو بەنزینیو هەموو(بێکانی) تر نەبێت؟ تۆبڵێی ئەوەنەزانن کەماڵە بەرپرسێك هەیە (نۆزدە) سپلیتی بەماڵەکەیدا بڵاو کردۆتەوەو ئاو دەستەکەیشی بەریکەوتووە، کەچی ماڵیش هەیە نەك هەر ئامرازی فێنککەرەوەی نییە بەڵکو جار هەیە بەدووشەو لەبەر چراو بەتاریکی نانەکان دەخۆن. بڵێی ئاگایان لەوە نەبێت کە بەرپرسێك مانگانە چەند دەفتەر دۆلار بۆبەزمو رەزمی خۆی بەفیڕۆ دەداتو فەرمانبەرێکی داماویش کە دەرچووی زانکۆیە مانگی سەدو پەنجاو حەوت هەزاری بەبڕیاری ئەمریکا بۆ بڕدراوەتەوە نەك خێری باوکی حکومەتی هەرێم. ئیتر بۆچی زەحمەت دەکێشن گوێ لەو چینو توێژانە دەگرن.

*jabardllopa@yahoo.com*


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com